ئافاتی جگەرەکێشان

زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان بە یاسا جگەرەکێشانیان لەناو فەرمانگە و شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە کردووە، بەڵام نە یاسا و نە گرانبوونی نرخی جگەرە تائێستا نەیانتوانیووە، بەر بەو ئافاتە بگرن کە ساڵانە هەزاران کەس بەهۆیەوە دەبنە قوربانی.

بەپێی ئامارە نەدروستییەکان زیاتر لە (١) ملیار کەس لە جیهاندا جگەرە دەکێشن، (٨٠٠) ملیۆنیان لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووەا دەژین و (٣٠٠) ملیۆنیان خەڵکی چین، ڕۆژانە (١٥) ملیار جگەرە لە جیهاندا دەکێشرێت، هەروەها توێژ لە زیاتر لە (١٠٠) وڵاتدا دەچێنرێت و لە (٤٧٪)ی پیاوانی دنیا جگەرە دەکێشن و لە (١٢٪)ی ژنانیش جگەرەکێش. ڕۆژانە (١٣٥٠٠) کەس بەهۆی جگەرەکێشانەوە گیان لەدەست دەدەن، ساڵانەش ئەو ژمارەیە دەگاتە نزیکەی (٥) ملیۆن کەس.

قەدەغەکردنی جگەرە

هەرچەندە لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان چەند یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتییەکان دەرکراوە، تائێستا نزیکەی (١٠٠) وڵات یاسایان دژی جگەرەکێشان دەرکردووە، بەڵام ئەم یاسایانە نەیانتوانیووە ڕێژەی قوربانیان و تاڵودەبووانی جگەرە کەم بکەنەوە.

پەرلەمانی کوردستانیش لە ساڵی (٢٠٠٨) یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشانی دەرکردوە و لە سەرەتای مانگی ئاپاریشەوە کاری پێدەکرێت، بەپێی ئەو یاسایە، دەبێت لایەنی جێبەجێکار بەبڕی (١٠) هەزار دینار سزای هەر کەسێک بدات کە لە شوێنە گشتییەکاندا جگەرە دەکێشێت، تا جگەرەکێشان کەم بێنەوە، بەڵام تائێستا یاساکە وەک خۆی نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: «وەک وەزارەتی تەندروستی داوای کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی ژینگەدا کردووە، بۆ گەیشتنە جێبەجێکردنەوە.

جیاوازیک لەسەر ئەو مەسەلەیە»

وەزیری تەندروستی هەرێم ئامازەی بەوەشکرد «ئوتاری ئەوەبان نییە تیم بنێرنە ناو پاس و هەندێک شوێنی تر و نەهێڵن خەڵک جگەرەبکێشێت، ئەوە ئیشی پۆلیس و ئاسایشە نەک وەزارەتی تەندروستی.»

لیوا ئاسۆ بەرپرسی فەرمانگەی یاسا لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان وتی: «لەگەڵ دەرچوونی یاساکەدا ئاگاداری هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس و فەرمانگەکان و بنکە تەندروستییەکانمان کردۆتەوە کە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت، بەڵام بۆ میکانیزمی وەرگرتنی غەرامەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی تەندروستییەوە داوا کراوە بەڕێوەبەرایەتییەک بێکێنێت بۆ ئەوەی یاساکە جێبەجێ بکات، ئەمەش پەیوەندیدار نییە بە وەزارەتی ناوخۆوە کە بەڕێوەبەرایەتییەکی پۆلیس دروست بکات، جێبەجێکردنی یاساکە لە ئەستۆی ئێمەیە، نەک جێبەجێ کردنی غەرامەکە.» ئەو ڕەیسەی بەشی یاسا لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان وتی: «کاتێ خۆی کە یاساکە دەرچووە دەبوو نیابدا بهاتایە کامە وەزارەت هەڵدەستێت بە غەرامەکردنی سەرپێچیکاران.»

کار بۆ دانانی تابلۆ دەکرێت

د.شەممەد وەندی بەڕێوەبەری خۆپارێزی تەندروستی سلێمانی بە هەفتانەی ڕایگەیاند: «چاودێری تەندروستی خەریکە کار بۆ دانانی تابلۆکان دەکات، بەڵام پێش بڵاوکردنەوە و نادرێتی بۆ شوێنە گشتییەکان وەک فەرمانگەو چێشتخانەو شوێنەکانی تر پێویستە کۆمەڵێک کاربکرێت وەک دیاریکردنی غەرامە لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە، کۆمەڵێک کاری پەیوەندیداری تر هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی جگەرەکێشان وەک کردنەوەی دەورەو خول بۆ ئاشناکردنی خاوەن چێشتخانەکان بەو یاسایەو پێدانی ڕێنماییی پێویست لەو بارەیەوە، جگە لەوە کۆنترۆڵ کردنی جگەرەکێشان لە چێشتخانەو شوێنە گشتییەکان لە وڵاتان لەناو چێشتخانەکاندا جێگایەک دەستنیشان دەکرێت بۆ جگەرەکێشان لەناو چێشتخانەکەدا، ئێمە لە ئێستادا کۆمەڵێک تابلۆی ڕاگەیاندمان تایبەت بەو ڕێنماییانە بۆ هاتووە، بەڵام دەبێت بیانکەین بە گوردی و دواتر بیانبرین بۆ شوێنەکان.»

لە هەندێک چێشتخانەو چایخانە جگەرەکێشانیان قەدەغە کردووە، ئەویش هەستاون بەوەی کە تەپڵەک و سەبەتەی تایبەت بە جگەرەکێشانیان لەشوێنی دانخواردنی هاوڵاتیان لابردووەو دوانریش بەنووسراو ئامازەیان بە قەدەغەکردنی جگەرە کردووە لەناو چێشتخانەکەدا، بەڵام لە زۆرێکی تر لەو شوێنانە جگەرەکێشان بەدی دەکرێت، لەبەرئەوەی ئائێستا یاساکە وەک خۆی نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، هەروەها لە زۆرێکیش لە فەرمانگەو دامودەزگاکانی حکومەتدا یاساکە جێبەجێ کراوە، بەڵام هەندێکی شوێنی تر جێبەجێی نەکراوە

منداڵەکە لەبری جگەرە

وازی لێ ناهێنن

فەرەیدون گەنجێکی فەرمانبەرە ئامازە بەوە دەکات کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت جگەرە ئەرک بکات و بگرە ناشیەوێت ئەرکی بکات، دەڵێت: «سوالم بۆ نان پێناکرێت، ئەگەر لە برساندا بمرم، بەڵام بۆ جگەرە دەتوانم پەیدای بکەم».

لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لەو کەسانەی جگەرە دەکێشێن باس لەوە دەکەن ناتوانن وازی لێبێنن، بەڵام زۆرێکی تریش لە هاوڵاتیان بن ئەوەی باسلش دەربچێت وازیان لە جگەرە هێناوە.

پەیوەند ئەحمەد گەنجێکی تەمەن (٢٥) ساڵە دەڵێت: «لەهۆی هاوڕێی جگەرەکێشەوە تووشی جگەرە کێشان بووم، ماوەی چەند ساڵێک پێوەی گیرۆدەبووم، ئەو کاتەی کە جگەرەم دەکێشا بەخۆشی ڕۆژ ڕووەق نبدەکردم، بەڵام خۆشبەختانە دوای ئەوەی وازمانهێنا ئێستا ئەدروستیم زۆر باشە.»

سلێمانی - هەستیار غەمگین، بێریڤان محەمەد